# میسی مارادۆنای بەنەوەی تازە ناساند



ناوی تەواوی (لیونێل اندلیس میسی)یە لە٢٤ یۆنیو ساڵی ١٩٨٧ لەوڵاتی ئەرژەنتین، لەشاری روساریۆ سانتافی لەدایك بووە. یاریزانی ناوبراو هەر لەتەمەنی منالیەوە خولیاو ئاواتی وەرزش بووە، بە تایبەت تۆپیپێ، لەساڵی ١٩٩٥ بۆ یەکەم جار لەیانەیەکی ئەم ولاتە بەناوی (نیواولد بۆیز) لەتیپی نەوجەوانان یاری کردوە بۆ ماوەیەکی کەم، بەهۆی ناساغی لەجەستەی. هەر لەبەرئەمەش بۆ نەشتەرگەری رووی لە هەرێمی کەتەلۆنیا کرد لە ئیسپانیا، هەرلەم ولاتە نەشتەرگەریەکی سەرکەوتویان بۆ ئەنجامدا. دوای چاکبوونەوەو لەش ساغی جارێکی تر گەڕایەوە بۆناو دونیای وەرزش، مەشقی رۆژانەی خۆی دەکرد. هەر لەکەتەلۆنیا لە خواردنگەیەکی ئاسایی گرێبەستێکی لەگەڵ ئەنجام درا، لەلایەن دەستەی کارگێری یانەی بەرشلۆنە، بۆ تیپی دووەمی ئەم یانەیە، بەلاّم میسی لەبەر لێهاتوویی خۆی لەساڵی ٢٠٠٣ــ ٢٠٠٤ لەتیپی یەکەمی بەرشلۆنە بانگهێشتکرا، بەراهێنەرایەتی (ریکارد)، یاریزانی ناوبراو یەکەم یاریشی لەبەرامبەر یانەی(ئیسپانیۆل) بوو کەیاریەکەش لە ١٦ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٤ بەرێوە چوو، کەبەگۆڵێکی بێ بەرامبەر لەبەرژەوەندی یانەی بەرشلۆنە کۆتایی پێهات. گۆڵەکەش لەلایەن یاریزانی بەرازیلی و ساحری ئەم سەدەیە رۆنالدینۆ بوو. شایەنی باسە، میسی هەر لەتەمەنێکی کەمدا توانیویەتی چەندین نازناو بۆ خۆی کۆبکاتەوە، چ لەریزی یانەی بەرشلۆنە، چ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین.

ئەوەی کە سەرنجی زۆر لەدەزگا راگەیاندنەکانی جیهانی راکێشاوە ئەوەیە، کە مارادۆنای ئەفسانەی تۆپی پێی بەنەوەی تازە ناساند، ئەویش لەرێگای ئەم دوو گۆڵە جوانەی کە لەهاوشێوەی ئەو بوون، شێوەی گۆڵی مارادۆنا بوو، بەلاّم شایەنی باسە ئەو گۆڵەی میسی لەسەدەی بیستویەکە کە تۆماری کرد، لەبەرامبەر ناوبژیوانو ئەو یاریدەدەرانەی کە زۆر وردبین لەناوبژیکردنی ئەو سەردەمە، بەلاّم میسی ئەمە نازانێت کاتێك کەدەستی چەپی لەگەڵ قژی یەکسان کردو بەسیناریۆیەیەکی زۆر جوان حاڵەتەکەی شاراوەکرد، لەبەرئەوە، ئەڵێم ئەم گۆڵەیان جوانتر دەبینم لەهی مارادۆنای ئەفسانەی تۆپی پێ، ئەم جارەیان دەبێ یاریزان میسی چی لەهەگبەدابێت، هاوشێوەی ئەوبکاتەوە.

**لە ئینتەرنێتەوە: ئەژین جەلال**

# یانەی ڕیاڵ مەدرید چۆن نازناوی لالیگەی بەدەست هێنا؟

ئاشکرایە هەموو ولاتێکی ئەوروپی یاسای تایبەتی خۆی هەیە لەخولی یاریەکانی ناوخۆی ولاتدا بۆ نموونە زۆر ولاتی ئەوروپی هەیە لە کۆتایی یاریەکانی خولی ناوخۆدا کام یانە خاڵی زیاتر بێتو زیاتر گۆڵی تۆمار کردبێتوکەمترین گۆڵی لێکرابێت دەبێتە پاڵەوانی یانەکان، بەلاّم لەیەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا یاسای تایبەتی خۆی هەیە لەبەرێوەبردنی خولی یاریەکانی ناوخۆ وەك ئەمساڵ بەئاشکرا بینرا لەکۆتایی خولی لالیگەی ئیسپانیا ئاشکرایە هەردوو یانەی ریاڵ مەدریدو یانەی بەرشلۆنە وەك یەك خاڵیان دەستەبە




کرد، هەردوو یانەی ناوبراو لەئەنجامی ٣٨ یاری ٧٦خاڵیان بەدەست هێنا یانەی بەرشلۆنە بە ٣٨ یاری ٧٨ گۆڵی تۆمار کرد وەتەنها ٣٣ گۆڵی لێکراوە بەلاّم یانەی ریاڵ مەدرید بە ٣٨ یاری ٦٦ گۆڵی تۆمار کردووە ٤٠ گۆڵیشی لێکراوە کەواتە بەم ئەنجامە یانەی بەرشلۆنە لەپێشترە لەیانەی ریاڵ مەدرید، شایەنی باسە یانەی ریاڵ مەدرید لە یاریگای بەرشلۆنە براوە بووە بەلاّم لەناو یاریگای ریاڵ مەدرید یەکسان بوون ئەم سەرکەوتنەی ریاڵ لەیاریگای بەرشلۆنە نازناوی لالیگەی بەخشی بە یانەی ریاڵ مەدرید .

**لە ئینتەرنێتەوە: ئیسماعیل رواندزی**